بەڕێز : بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە

بابەت : گرنگیدان بە ئەدەبی جینۆساید

پاش سلاو و ڕێز....

ئاشناکردن و بەردەستخستنی زانیاری سەبارەت بە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە گەلەکەمان بەگشتی و

ناساندنی ئەدەبیاتی جینۆساید بەتایبەت دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە سەرباری ئەوەی ئەرکێکی نەتەوەییە,

پشتیوان و هاندانێکە لەپێناو زیندوهێشتنەوەی ئەم دۆسییەیەو دروستکردنی ئینتمایەکی پتەوی نەتەوەیی لەلای

نەوەیەك کە بەهۆی کەمتەرخەمیەکانمانەوە نەتوانراوە تێگەیشتنێکی جدییان بۆئەم ئەدەبیاتە هەبێت.

گرنگیدان بە ئەدەبیاتێکی لەم شێوەیە کە دواجار دەسکەوت و کەنزێکی گەورەی نەتەوەییمانە کە بەمەنفەعەتی نەتەوەیمان دەمێنێتەوە,بۆیە پاراستنی ئەم ئەدەبیاتەو گەیاندنی بەنەوەکانی داهاتوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەسەر شانی هەموانە,لەپێشەوەی هەموان پێویستە کادیرانی بواری پەروەردە خۆنەویستانە بێنە

مەیدان .

بەڕێز :بەڕێوەبەری گشتی

لەوسۆنگەیەوە کەبەڕێزتان هەمیشە پشتیوان و هاوکار بوون بۆ گرنگیدان بە ناساندنی ئەدەبیاتی جینۆسایدی گەلەکەمان، داواکارین بفەرموون بە خەرجکردنی بڕی (180000) سەدو هەشتا هەزار دینار لەبەرامبەر دابینکردنی (120) سەدو بیست دانە لە کتێبی (دەنگی مەرگ) کە زنجیرەی (8) ی پرۆژەی بەدیکۆمێنتکردنی بەڵگەنامەی زارەکییە لە دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆسەرجەم کتێبخانەی قوتابخانە و خوێندنگاکانی سنوری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەڵەبجە .

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ هاوکاری و پشتیوانیتان

داواکار

ئیبراهیم فرج الله حمەوەیس هەورامانی

12/نیسانی / 2023